# ڕێبەری گفتوگۆی دروست لەگەڵ منداڵ - لە کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی

## لیستی پشکنینی پراکتیکی بۆ کارمەندانی هێڵی پێشەوە[1]

SEED

### بنەما سەرەکیەکانی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵ

کاتێک منداڵ ئینتەرنێت یان مۆبایل یان تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنێت، ئەگەری هەیە ڕووبەڕووی زیان یان مەترسی خراپ بەکارهێنان (الاستغلال) ببێتەوە. ئەمە چەندین شێواز دەگرێتەوە، وەک فشارکردن لە منداڵ بۆ ناردنی وێنەی نەشیاو، هەڕەشەلێکردن، یان پەلکێشکردنیان بۆ ناو پەیوەندییەک کە خراپ مامەڵەکردنی تێدابێت.

وەکو کارمەندێکی هێڵی پێشەوە، شێوازی مامەڵە و قسەکردنی تۆ کاریگەریەکی ڕاستەوخۆی لەسەر سەلامەتی و باری دەروونی منداڵەکە دەبێت. بۆ ئەوەی متمانە دروست بکەیت، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاو بگریت:

- **سەلامەتی و کەرامەتی منداڵ لە پێش هەموو شتێکەوەیە: چ لە جیهانی دیجیتاڵی (ئۆنلاین) یان لە واقیعدا (ئۆفلاین)،** هەرچیەک ڕوویداوە وەک مەترسیەکی ڕاستەقینە و جیدی مامەڵەی لەگەڵ بکە.
- **منداڵ نابێت هەرگیز لۆمە و سەرزەنشت بکرێت.** تەنانەت ئەگەر وێنەی ناردبێت یان قسەی لەگەڵ کەسێک کردبێت، بەرپرسیارێتییەکە تەنها لە ئەستۆی ئەو کەسەیە کە منداڵەکە خراپ بەکاردەهێنێت -نەوەک منداڵەکە.
- **ڕۆڵی تۆ بریتیە لە گوێگرتن و پاراستن.** پێویست ناکات شارەزایەکی گەورەی تەکنەلۆژیا بیت، تەنها بە ئارامی گوێیان لێ بگرە و هاوسۆزییان بۆ دەربڕە.

## لیستی پشکنین

### پێش دەستپێکردنی گفتوگۆ

#### ◯ هەڵسەنگاندن بکە



ئایا من کەسی گونجاوم بۆ ئەم گفتوگویە؟ پێشتر کەسێکی تر قسەی لەگەڵ کردووە؟ ئایا پێویستە هەر ئێستا قسەی لەگەڵ بکەم یان کەسێکی پسپۆڕتر هەیە؟ منداڵەکە پێی باشە کە لە گەڵ کارمەندی پیاو یان ژن قسە بکات؟

#### ◯ شوێنەکە ئامادە بکە

ژوورێکی بێدەنگ و دوور لە چاوی خەڵک هەڵبژێرە. بەجۆرێک دابنیشە کە هاوئاستی منداڵەکە بێت. با هیچ نیشانەیەکی هێز وەکو (جلوبەرگی سەربازی، و باجی ئەمنی، یان چەک) لە ژوورەکەدا نەبێت کە منداڵەکە بترسێنێت.

#### ◯ بڕیاربدە کە کێ پێویستە ئامادە بێت

پێویستە تەنها یەک کارمەند لە تیمی مەیدانی ئەرکی بەڕێوەبردنی گفتوگۆ لەگەڵ منداڵەکە لە ئەستۆ بگرێت. بە مەبەستی ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام کە تێیدا منداڵەکە بتوانێت بە ئازادی گوزارشت لە خۆی بکات، دەبێت هیچ کەسێکی تری پێگەیشتوو لە ژوورەکەدا ئامادە نەبێت و دەستوەردان لە ئاراستەکردنی پرسیارەکاندا نەکات.

لە کاتی پێویستدا، ئەگەر ئامادەبوونی کەسێکی تر یان وەرگێڕێک پێویست بوو، دەبێت ڕۆڵیان تەنها لە چوارچێوەی پاڵپشتییەکی بێدەنگ یان وەرگێڕانی قسەکاندا بێت، بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەک دەستوەردان لە ڕەوتی گفتوگۆکەدا بکەن. سەبارەت بە منداڵانی تەمەن بچووک یان ئەو منداڵانەی لە بارودۆخێکی دەروونی نا جێگیردان، دەکرێت کەسێکی جێی متمانەیان لە نزیك بێت یان لەبەرچاویان بێت، بە مەرجێک بەشداری لە گفتوگۆکەدا نەکات.

لەو بارودۆخانەی کە گومان دەکرێت سەرپەرشتیارەکە دەستی لە زیان گەیاندن بە منداڵەکە هەبێت، یان کاتێک بابەتەکە هەستیارە، پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ منداڵەکە بە تەنها و بەبێ ئامادەبوونی سەرپەرشتیارەکە ئەنجام بدرێت.

[1] دەتوانرێت ئەم ئامرازە بۆ هەموو گفتوگۆیەک لەگەڵ منداڵان بەکاربهێنرێت، مەگەر لە کاتی وەرگرتن و تۆمارکردنی ووتەی فەرمی نەبێت، کە یاسا ڕێوشوێن و پرۆسەی تایبەتی دیاریکردووە بۆ پابەندبوون پێیان.

Safe Online

# دەستپێکردنی گفتوگۆ



## خۆت بناسێنە و ڕوونی بکەرەوە بۆچی قسەی لە گەڵ دەکەیت

بەزمانێکی سادە ناوی خۆت و پیشەکەت بە منداڵەکە بڵێ. پێی بڵێ بۆ چی دەتەوێت قسەی لە گەڵ بکەیت. ئەگەر زیاد لە کەسێک لە ژوورەکەدا بوو بیاناسێنە لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ڕۆڵەکەیاندا. ئەوە ڕوونبکەرەوە کە چ لەو زانیارییانە دەکەیت کە لە منداڵەکە وەریدەگریت - بۆ نموونە "لە گەڵ بەڕێوبەرەکەم گفتوگۆی لە سەردەکەین تا بتوانین یارمەتیت بدەین و دڵنیابین لە سەلامەتیت". دڵنیابی بکەرەوە کە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت داوای پشوو بکات، یان وەڵامی هەندێک پرسیار نەداتەوە، یان کۆتایی بە گفتوگۆکە بهێنێت. پرسیار بکە کە ئایا دەیەوێت قسەت لە گەڵ بکات (ڕەزامەندی وەرگرتن).

## یارمەتی منداڵەکە بدە کە کەمتر هەست بە ترس بکات

پێویستە زمانی جەستەت و دەربڕینی ڕووخسارت گونجاو بێت لە هەموو کاتەکاندا. پەلە یان زۆر لە منداڵەکە مەکە بۆ قسەکردن، و وەڵامی پرسیارەکانی بۆ پێشنیار مەکە. هەموو کات خۆت دووبگرە لە حوکمدان لە سەری.

- **بۆ منداڵێکی ڕزگاربوو:** "تۆ هیچ هەڵەیەکت نەکردووە" "ئەمە تاوانی تۆ نییە" - سەرەڕای ئەوەی کە منداڵەکە وێنەی خۆی یان زانیاری تایبەتی خۆی هاوبەشکردووە لە ئۆنلاین.
- **بۆ منداڵ کە سەرپێچی یاسایی کردووە:** "ئێمە لێرەین بۆ ئەوەی لێت تێبگەین و یارمەتیت بدەین، نەک بۆ سزادانت ".

## متمانە دروست بکە

هەمان شێوازی قسەکردنی (زمان) منداڵەکە بەکار بهێنە، ئەگەر گونجاو بوو. بە پرسیاری سادە و ئاسان دەست پێبکە بۆ نموونە لەسەر قوتابخانە و هاوڕێکانی و ئایا حەز دەکات لە سەر چ بابەتێک قسە بکات. پرسیار بکە سەبارەت بەوەی کە چ پێویستە - ئاو، دەستشۆر، پلەی گەرمی ژوورەکەی پێباشە؟ زمانێکی گونجاو و سادە بەکاربهێنە کە لەگەڵ تەمەنیدا بگونجێت. بە شێوەی نەرم و لەسەرخۆ قسە بکە. گوێبگرە و هەوڵمەدە لە بەردەم منداڵەکەدا هەموو شتێک کە دەیڵێت بینوسیتەوە. بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت، دەستەواژە و زاراوەی کوردی گونجاو بەکاربهێنە وەکو داون سیندرۆم، نابینا، نابیست... هەتا دوایی.

## دڵنیایی پێ بدە کە ئەمە هەڵەی ئەو نیە

بۆ ڕزگاربووی منداڵ: منداڵان لەوانەیە توشی زیان ببن لە ئۆنڵاین بە چەندین شێواز: لەوانەیە کەسێکی پێگەیشتوو لە خشتەیان بەرێت یان هەوڵبدات خراپ بەکاریانبهێنێت، یان فشاریان لێ بکرێت بۆ ناردنی وێنە، یان هەڕەشەیان لێبکرێت بە بڵاوکردنەوەی وێنەکانیان، یان ئەوەی بە ئامانج بگیرێن لە یاری و ئەپڵیکەیشنی ئۆنلاین. لە هەموو حاڵەتەکاندا منداڵان زۆرجار سەرزەنشتی خۆیان دەکەن. هەمیشە بیریان بخەرەوە کە "ئەمە هەڵەی ئەوان نیە"

## لە کاتی گفتوگۆکردنەکەدا



### ئاگاداری نیشانەکان بە

سەرنجی زمانی جەستەی منداڵەکە بکە - ئایا دەلەرزێت، دەگری، زۆر بێدەنگ دەبێت؟ ئەمە مانای ئەوەیە کە پێویستی بە یارمەتییە. ناو بەناو پێی بڵێ کە ئایا حەز دەکات پشوویەک وەربگرێت. دەتوانیت بڵێیت: "دیارە ئەم بابەتە کەمێک ناخۆشە، حەز دەکەی کەمێک بوەستین؟". کاتێک منداڵەکە ئامادە نییە یان ئارام نییە بۆ قسەکردن، هەڵبژاردەی دەربڕین لە ڕێگەی وێنەکێشانەوە پیادە بکە، دەتوانیت کاغەز و پێنوسی بدەیتێ تا وێنە بکێشێت.

### وریابە لە مامەڵەکردن لە گەڵ وێنە و ڤیدیۆ و نامەکان

هەرگیز وێنە و ڤیدیۆ و نامەی بێزارکەری تایبەت بە کەیسی منداڵەکە پیشان مەدەرەوە بە خۆی. پرسیار مەکە سەبارەت بەوەی کە چ شتێکیان بینیوە.

### بە ڕێگەیەکی باش کۆتایی پێبهێنە

بپرسە: " هیچ شتێکی تر هەیە کە تۆ حەز بکەیت لە گەڵ مندا گفتوگۆی لە سەر بکەین؟" سوپاسی بکە کە ئازا بووە و قسەی کردووە لە گەڵ تۆدا. بە شێوەیەکی ڕوون پێی بڵێ کە هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت ئەگەر تۆ یان هاوکارەکەت پەیوەندی پێوەدەکەن لە داهاتوودا. ڕێگەیەکی پێ بڵێ کە چۆن دەتوانێت پەیوەندی بە تۆوە بکات ئەگەر پێویستی بە یارمەتی بوو. هەرگیز هیچ بەڵێنێک مەدە، نەوەک نەتوانی بەجێی بگەیەنیت.

## لە دوای گفتوگۆکردنەکە

### هەموو شتێک تۆماربکە و پلانی هەنگاوەکانی داهاتوو دابڕێژە

هەر دوای تەواوبوون لە گفتوگۆکە، تێبینەکانت بنووسەوە هەتا لە بیرنەچن. بۆ دڵنیابوون لە نهێنیپارێزی ناو و ناونیشانی منداڵەکە لە ناو ئەو فایلەدا نەبێت کە تێبینییەکانی چاوپێکەوتنەکەی تێدایە. بیانبەستە بەو لایانانەی کە دەتوانن یارمەتی و پاڵپشتی پێشکەش بکەن. پلان دابڕێژە کە کەی پەیوەندی بە منداڵەکە دەکەیتەوە.

### ئەمانە هەرگیز مەکە (هێڵە سوورەکان)

- پەلە لە منداڵەکە بکەیت یان وای لێبکەیت کە هەست بە فشار بکات
- بەڵێنێک بدەیت کە نەتوانیت بەجێی بگەیەنیت
- بەردەوام بیت لە کاتێکدا منداڵەکە زۆر تورەیە یان بێزارە (دەلەرزێت، دەگریت، یان بێدەنگە یان نایەوێت بژاردەی بەردەست ئەنجامبدات وەک وێنەکێشان)
- وشەگەلیک بەکاربهێنیت بەرامبەر منداڵەکە کە هەست بە شەرمەزاری بکات
- وێنە و ڤیدیۆ و نامەی بێزارکەری سەر مۆبایل و کۆمپیوتەری پیشان بدەیت.
- سەرزەنشتی بکەیت لە سەر ئەوەی کە ڕووی داوە، تەنانەت ئەگەر زانیاری کەسی خۆیان هاوبەش کردبوو.
- ناونیشان یان دەستەواژەی کۆن یان سووکایەتی پێکەر بەکاربهێنیت بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

# ڕێبەری گفتوگۆی دروست لەگەڵ منداڵ لە کەیسەکانی توندوتیژی ئەلیکترۆنی

## لیستی پشکنینی پراکتیکی بۆ کارمەندانی هێڵی پێشەوە

SEED

## پوختە

### پێش ئەوەی دەست پێبکەیت

- ☑ ئایا ئەم گفتوگۆیە پێویستە، و من کەسی گونجاوم بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەم منداڵە؟
- ☑ شوێنێکی تایبەت و ئارام هەڵبژێرە؛ نیشانەکانی دەسەڵات لاببە
- ☑ بڕیار بدە کێ دەبێت لە ژوورەکەدا ئامادەبێت
- ☑ وەرگێڕێک ئامادە بکە ئەگەر پێویستە ، لە گەڵ دەروونناس یان کارمەندی کۆمەڵایەتی ئەگەر بکرێت

### دەستپێکردنی گفتوگۆکردنەکە

- ☑ خۆت بناسێنە و ڕوونی بکەرەوە بۆچی قسەی لە گەڵ دەکەیت
- ☑ بە منداڵەکە بڵێ کە دەتونێت بوەستێت لە قسەکردن، داوای پشوو بکات یان پرسیار وەڵامنەداتەوە هەرکاتێک بیەوێت
- ☑ پرسیار بکە کە ئایا دەیەوێت قسەت لە گەڵ بکات (ڕەزامەندی وەرگرتن)
- ☑ دڵنیایی بدە بە پێی حاڵەتەکان: "تۆ لە کێشەدا نییت" (بۆ ڕزگاربووان) یان "دەمانەوێت لێت تێبگەین و یارمەتیت بدەین " (بۆ منداڵ کە سەرپێچی یاسایی ئەنجامداوە)
- ☑ لەسەر بابەتە ئاسانەکان دەست پێبکە بۆ دروستکردنی متمانە

### لە کاتی گفتوگۆکردنەکەدا

- ☑ بە ئارامی و لەسەرخۆ قسە بکە و وشەی سادە بەکاربهێنە
- ☑ تێبینی نیشانەکانی بێزاربوون بکە – هەموو کاتێک پشووی کورت پێشکەش بکە
- ☑ بژاردەی تر بۆ پەیوەندیکردن پێشکەش بکە ئەگەر ئامادە نەبوو بۆ قسەکردن بۆ نموونە وێنەکێشان یان ڕێگایەکی تر
- ☑ هیچکات وێنەی بێزارکەر نیشان مەدەرەوە بە منداڵەکە، یان لێی بپرسی کە چی بینیووە
- ☑ یادی منداڵ ڕزگاربوو بخەرەوە: "ئەمە هەڵەی تۆ نییە. تۆ هیچ شتێکی هەڵەت نەکردووە."

### کۆتاییپێهێنان و هەنگاوەکانی دوای گفتوگۆکردنەکە

- ☑ سوپاسی بکە کە ئازا بووە و قسەی کردووە لە گەڵ تۆدا.
- ☑ بە شێوەیەکی ڕوون پێی بڵێ کە هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت و کەی دەبێت
- ☑ هەرگیز بەڵێن مەدە.
- ☑ یەکسەر ئەوەی لە بیرت ماوە لە تێبینەکانت بینووسەوە. ناو و ناونیشانی منداڵەکە لە شوینی جیابێت ئەگەر کرا
- ☑ بیان بەستەوە بە خزمەتگوزارییەکان و یارمەتی پێویست، و پلانی بەدواداچوون دابڕێژە

